# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (١٤٧) لە ٢٠٢٢/٥/١١

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٢) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٢) لە ٢٠٢٢/٥/١١، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٨١) لە ٢٠٢٢/٤/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پڕۆژە یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق) پاش هەموارکردن و جێگیرکردنی ئەو تێبینییانەی کە پێشتر لەسەر پڕۆژەکە هەبوون و لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٢/٥/٩ بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕەچاوکران.

٢. ئاڕاستەکردنی پڕۆژە یاسای پەسەندکراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**